# جارێکی تر هاتنی سێ (٣) جێناوی کەسیی لکاو پێکەوە لە ڕستەیەکدا:

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

سێشەممە (٥-٣-٢٠٢٤)

ئەوەندەی من بزانم، ناتوانین هەر چوار ئەرکی جێناوی لکاو (بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو) لە ڕستەیەکدا پێکەوە و لە یەک کاتدا کۆبکەینەوە، واتە مەبەستمان ڕستەیەکە، کە تەنیا یەک کار و یەک ئامرازی پەیوەندی و یەک بکەر و یەک بەرکار و یەک تەواوکەری بەیاریدە و یەک دیارخەری ناوی تێدا بێت و هەر چوار ئەرکیش بە جێناوی لکاو دەربڕابن.

بەڵام سێ جێناوی کەسیی لکاو پێکەوە لە ڕستەیەکدا کۆدەبنەوە و ئاساییە. بەڵام کام سێ ئەرک پێکەوە کۆدەبنەوە؟

لە خوارەوە دەیانخەمە ڕوو:

**یەکەم- هاتنی هەر سێ ئەرکی (بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە).**

دەکرێت ڕستەیەکمان هەبێت، (بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە) هەر سێکیان بە جێناوی کەسیی لکاو جێگیربکەین و لێرە ئاسایی پێکەوە دێن.

نم/ بۆتـی دەنێرم. واتە (من ئەو بۆ تۆ دەنێرم.)

نم/ بۆمانی بنێرە. واتە (تۆ ئەو بۆ ئێمە بنێرە.)

نم/ ناردمـــن بۆت. واتە (من ئەوانـــم نارد بۆ تۆ.)

م. عبدالله عبدالقادر علی

**دووەم– هاتنی هەر سێ ئەرکی (بکەر، بەرکار، دیارخەری ناو).**

**دەکرێت ڕستەیەکمان هەبێت، (بکەر، بەرکار، دیارخەری ناو) هەر سێکیان بە جێناوی کەسیی لکاو جێگیربکەین و لێرەش ئاسایی پێکەوە دێن.**

**نم/ ناردمـــن بۆ خوێندنگەکەت. واتە (من ئەوانـــم نارد بۆ خوێندنگەکەی تۆ.)**

**سێیەم– هاتنی هەر سێ ئەرکی (بکەر، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو).**

**دەکرێت ڕستەیەکمان هەبێت، (بکەر، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو) هەر سێکیان بە جێناوی کەسیی لکاو جێگیربکەین و لێرەش ئاسایی پێکەوە دێن.**

**نم/ ڕۆمانەکانـــتــــم بۆیان نارد. واتە (من ڕۆمانەکانی تۆم بۆ ئەوان نارد.)**

**چوارەم– هاتنی هەر سێ ئەرکی (بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو).**

**ناکرێت ڕستەیەکمان هەبێت، (بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو) هەر سێکیان بە جێناوی کەسیی لکاو جێگیرکرابن و لێرە پێکەوە نایێن، چونکە لێرە دەبێ کارەکە تێپەڕ بێت و تەواو بێت، ئەم جۆرە کارەش هەمیشە (بکەر)ی دەوێت، (بکەر)یش هەمیشە جێناوێکی کەسیی لکاوی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتە دەبن بە چوار (٤) جێناوی لکاو و ئەمەش زۆر قورس و زەحمەت دەبێت و ناشبێت، چونکە دیارخەری ناو بەبێ ناو دروست نابێت.**

**نم/ (ڕۆمانەکانـــــی تــــــۆم بۆ نووسەرەکان نارد.)**

**(یان)     (ت)  (م)     (ن)**

م. عبدالله عبدالقادر علي